بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژێمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارڵمانی تێدەکۆشین

٢٧ساڵ تێکۆشان
لە پێناو ئامانجەکانی
گەلی کورد و ئازادیدا

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە «١٢٦» ١٥ی خەرمانانی ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، ٦ی سێپتامبری ٢٠٠٧ی زایینی

## پەیامی رێزدار کاك بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات، بە بۆنەی ٥ی خەرمانان، ساڵڕۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات



به ناوی خوداوند بەخشندەی میهربان

ئامادە بووانی بەرێز، سڵاوی گەرمتان پێش کەش زۆر بەخێر بێن بۆ کۆڕ و جێژنی پێنجی خەرمانان بیست و حەوتەمین ساڵرۆژی پێك هاتنی سازمانی خەبات کە کۆڕ و جێژنی هەموانە.

سپاسی ئامادەبووانی بەرێز، نوێنەری هێز و لایەنە تێکۆشەرەکانی کوردستان دەکەم کە بە تەشریف هێنان تان، کۆڕ و ئاهە نگی دامەزرانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانتان رێز لێ ناوە هەروەها سپاسی خوشك و برایانی بەرێزم لەزۆربەی شار و دێ کانی کوردستانی ئێران دەکەم کە بەم بۆنەوە ئاهەنگیان گێڕاوە.خوشحاڵم بەوەی کە لە٢٧ مین ساڵرۆژی دامەزراندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران گەرمترین پیرۆزبایی بە جەماوەری ستەم لێکراوی کورد لەکوردستانی ئێران، ئەندامان و لایەنگرانی سازمان، کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکان و پێشمەرگە دلێرەکانی سازمانی خەبات پێش کەش بکەم لە هەمان کاتدا پیرۆزبایی گەرم بە ئافرەتانی تێکۆشەری ریزەکانی سازمانی خەبات پێش کەش دەکەم بە بۆنەی ساڵرۆژی پێك هاتنی کۆمیتە تێکۆشەرەکەیان، کومیتەی ئافرەتانی سازمان کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە پێناو وەدی هاتنی داوا رەواکانی ئافرەتان و ئەو ستەم و بێ عداڵەتیانەی لە ئافرەتان دەکرێ، بە پێی توانا هەوڵیان داوە. بەو هومێدەی ئافرەتانی کوردستان و ئێران و تێکڕای چین و توێژەکانی مرۆڤایەتی لە دەست ئازار و ستەم رزگاریان بێ.

ئەمرۆ لەشاری هەولێر پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یادی ٢٧ ساڵەی دامەزرانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران جێژن دەگرین. یادی سازمانێکی سیاسی کە لەماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنیدا، خزمەت بە گەلی کورد و تێکۆشان لەپێناو ئامانجەکانی ئەرکی سەرەکی و ریشەیی بووە و قازانج و مەسلەحەتی تەشکیلاتی خۆی لەهەموو بۆنەیێك و لەهەر هەل و مەرجێکدا، لە پێناو قازانجی گەلی کورد و ویستەکانی دا وەلاناوە. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران شێلگیرانە بۆ ئاگادار کردنەوەی هاونیشتمانانی کورد لە کوردستانی ئێران و ناساندنی سیمای ڕەشی رژێمی ملهوڕی ئاخوندی بە موبارزە و هەڵسوورانێکی خۆماڵیانە کاری کردوە.

سازمانی خەبات بۆ دابین کردنی مافە بنچینەییەکانی هاونیشتمانانی کوردستان بە تێکرای ئایین و رەگەز و بیروبووچوونەکانەوە کاری کردوە و دڵسۆزانە درێژەی پێ داوە و لە بەرانبەر سەرەرۆییەکانی رژێمی ئاخوندی و هێرشە نارەواکانی بۆ سەر گەلی

**بۆ لاپەڕەی ٢**

## بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی ٥ی خەرمانان ٢٧ مین ساڵرۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران





ڕۆژی هەینی ٩ی خەرمانان ١٣٨٦کۆچی خۆری ـ٣١ی ئاگۆستی ٢٠٠٧زایینی لە شاری هەولێر ، پێتەختی حکومەتی کوردستان ڕێ و ڕەسمێکی بەشکۆ بە ئامادە بوونی سکرتێری گشتی سازمان و ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەو ژمارەیێك لە ئەندامان و لایەنگرانی سازمان و نوێنەری هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەڕێوەچوو. ری و ڕەسمەکە، بە چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز کە لەلایەن کاك سارۆ خوێندرایەوە و فاتیحاییێك وە دەقیقەیەك ڕاوەستان بۆ ڕۆحی شەهیدانی سازمان و شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.لە دواییدا سرودێکی نیشتمانی لە لایەن کۆڕی هونەری سازمانەوە، پێشکەش کرا. ئەمجار بەڕێزو تێکۆشەر کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ووتارێکی پێشکەش کرد. لە دوای پێشکەش کردنی سرودێکی دیکە لەلایەن کۆری هونەری سازمان، ووتاری کومیتەی ئافرەتانی سازمان بە بۆنەی پێنجی خەرمانان ساڵڕۆژی دامەزرانی سازمان و ٧ی خەرمانان پێنجەمین یادی دامەزرانی کومیتەی ئافرەتانی سازمان لەلایەن خوشکە زینەبی حسینی پیشکەش کرا. خانەوادەی شەهیدان پەیامێکیان بەم بۆنەوە پێشکەش کرد کە لەلایەن کاك لەتیفی رەسولی برای شەهیدان مەلا عەلی و کاك صالح رەسولی و برازای عوسمان رەسولی خوێندرایەوە. ئەو حیزب و لایەنە بەڕێزانەی هاوبەشی کۆڕی پێنجی خەرمانان بریتی بوون لە:

نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
پەیوەندیە نیشتمانیەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان
حیزبی دیموکراتی کوردستان
مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
پارتی ئازادیی کوردستان
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
یەکیەتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان
پارتی دیمکراسیخوازانی کوردستان
پارتی سەربەستیی کوردستان
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارتی دیموکراتی کورد لە سوریە (الپارتی)
پارتی یەکیەتیی کورد لە سوریا
پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
پارتی پارێزگارانی کوردستان

## پەیامی کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات، بە بۆنەی ٥ی خەرمانان، ساڵڕۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات



بەناوی خوداوەندی بەخشندەو مهرەبان

پیرۆزبێ ٥ی خەرمانان ساڵڕۆژی دامەزرانی سازمانی خەباتی کوردستان و ٧ی خەرمانان یادی دامەزرانی کومیتەی ئافرەتانی سازمانە خۆشەویستەکەمان.

٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمانداکە بەسەر ئەو ڕۆژە پیرۆز و پڕشنگدارەدا، ٢٧ساڵ تێ دەپەڕێ.

ئەم ماوە دوورو درێژە لە خەباتی سازماندا لە دژی ڕژێمی زاڵمی ئاخوندی وپێشکەش کردنی شەهید و فیداکاری ڕۆڵە بەئەمەکەکانی سازمان پێویستی بە ورییایێکی زۆرو شێلگیری بووە.سازمانی خەبات جیا لە موبارەزە لەگەڵ دوژمنی سەرەکی گەلی کورد، لەگەڵ دوژمنانی ناوخۆیی کە دار دەستی داگیرکەرانی کوردستان بوون، دەست و پەنجەی نەرم کردوە و لەگەڵ ئەو هەموو سەختیەی کە لەم ڕۆژگارەدا بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاوە بەرەو ڕوو بووە.کۆمیتەی ئافرەتانیش هەر لە درێژەی خەباتی نەپساوەی سازمانە خۆشەویستەکەماندا بەشێکی سەرەکی ئەرك وماندوبوویان لەئەستۆبووە.ڕەنج وفیداکاری ئافرەتان لەسازمان،ئەوپێویستیەی هێنامەیدان کەکومیتەییك بۆبەڕێوەبردن وکارکردنی ئافرەتان دامەزرێ،هەربۆیە لە ٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨١کۆمیتەی ئافرەتان بەشێوەی ڕەسمی شانبەشانی برانەبەزەکانیان هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ ڕزگاری گەلەکەمان لە زوڵم و ستەم زیاترپەرە پێ بدەن. خۆش بەختانە ئێمەئافرەتان توانیومانە دەورێکی باشمان هەبێ لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و کارەکانی سازمان و بەرەو پێش برۆین. ئافرەتان و تێکرای ڕێبوارانی سازمانی خەبات بە خۆڕاگری و گیان بازی و لێبوردەیی تا ڕزگاری یەکجاری میللەتەکەمان چرکەییێك لە خەبات ڕاناوەستن و تا چۆك دادان بە ئاخوندان و گەیاندنی خەڵکی کوردستان بە مافە ڕەواکانی ئەو ڕێگە پیرۆزە دەبڕن.

دوبارە پیرۆز بێ ٥یخەرمانان بیست وحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی سازمانی خەبات و ٧ی خەرمانان ساڵڕۆژی پێکهاتنی کۆمیتەی ئافرەتان.

کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە